# چۆنێتی پەروەردەکردن و فێرکردنی ئەو منداڵانەی چاودێری تایبەتیان پێویستە.

## فێرکاری بۆ مامۆستایانی خوێندنگە سەرەتاییەکان لە هەرێمی کوردستان

کۆمەڵەی "هۆپ ئۆتیزم سۆسایەتی" بە ڕەزامەندی کۆمەڵەی ئۆتیزمی نیشتیمانی بەریتانیا ئەم نووسراوەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی

تێبینی: کۆمەڵەی ئۆتیزمی نیشتیمانی ڕەزامەندی خۆی دەربڕیوە بۆ وەرگێڕانی بەشەکانی "فێرکاری پەشێوی شەبەنگی ئۆتیزم" بۆ سەر زمانی کوردی، بەڵام بەرپرس نین لە شێواز و چۆنێتی وەرگێڕانەکە و ئەو زمانەی تێیدا بەکارهاتووە. ئەم نووسراوە بە پرنتکراوی و بە شێوازی دیجیتاڵیش بەردەستە، هاوکات دەبێت بۆ مەبەستی ئامۆژگاری و ڕێنومایکردن بەکاربهێندرێت.

**ناوەڕۆک**


1. پەشێوی شەبەنگی ئۆتیزم چییە؟
2. ناسینەوە و دەستنیشانکردنی پەشێوی شەبەنگی ئۆتیزمی لە نێو خوێندنگەکاندا
3. چۆن دەتوانم هاوکاری منداڵێک بکەم کە پەشێوی شەبەنگی ئۆتیزمی هەیە؟
4. وانە فێرکارییەکان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری لەسەر پەشێوی شەبەنگی ئۆتیزم و ئاستی تێگەیشتن لە نێو خوێندکاراندا
5. ستراتیجییەکانی پاڵپشتی کردن

## پەشێوی شەبەنگی ئۆتیزم چییە؟

پەشێوی شەبەنگی ئۆتیزم و هەروەها پەشێوی کۆنیشانەی ئەسپەرگەر، ناڕێکییەکی درێژخایەنە لە پرۆسەی گەشەسەندندا و کاردەکاتە سەر شێوازی بەستنی پەیوەندی و مامەڵەکردنی کەسی تووشبوو لەگەڵ چواردەورەکەیدا. هەروەها کاریگەریشی دەبێت لەسەر ئەوەی چۆن لێکدانەوە بۆ جیهان و شتەکانی دەوروبەریان دەکەن. حاڵەتێکی شەبەنگییە، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ئەگەر چی تووشبووانی ئۆتیزم ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کێشە و ئاستەنگی هاوشێوە دەبنەوە، بەڵام پەشێوییەکە بە چەندەها شێوازی جۆراوجۆر کاریگەری لە ژیانیان دەکات. ئەم پەشێوییە زۆرتر لە کوڕاندا دەستنیشان دەکرێت وەک لە کچان، بە ڕێژەی ٤ کوڕ لە بەرامبەر ١ کچدا. هەندێک لە تووشبووان بە ئۆتیزم دەتوانن بە شێوەیەکی ئاسای و سەربەخۆیانە بژین، بەڵام هەندێکیتریان دەشێت دووچاری ئاستەنگی ببنەوە لە فێربووندا و پێویستیان بە چاودێری و پاڵپشتی درێژخایەن و تایبەت هەبێت.

ئەو سێ بەشە سەرەکییەی تێیدا دووچاری ئاستەنگی دەبنەوە، هەندێک کاتیش ناسراون بە (شێوازەکانی پەککەوتن) بریتین لە:

- **ئاستەنگی لە بەرکەوتنە کۆمەڵایەتییەکاندا:**

ئەمەش شێوازی تێگەیشتن و پەیبردن بە هەستەکانی خەڵکی و هەستەکانی خۆشیان دەگرێتەوە.

کەسانی تووشبوو بە پەشێوی شەبەنگی ئۆتیزم دەشێت:

- توانای تێگەیشتنیان نەبێت لەو یاسا نەنوسراوانەی کۆمەڵگا کە ئێمە بێ بیرکردنەوە و هەوڵدان ڕەچاوین دەکەین. بۆ نموونە، لەوانەیە لە کاتی وەستاندا زۆر نزیک بوەستن لە کەسێک، یاخود دەستبکەن بە گفتوگۆکردن لە بارەی بابەتێکی نەشیاوەوە.

- وەک کەسێک دەربکەون کە بێ هەستن و هاوسۆز نین لەگەڵ کەسانیدیکەدا، ئەمەش لەبەر ئەوەیە نازانن چواردەورەکەیان چۆن هەستدەکەن و هەستیان چۆنە.
- پێیان باشە کاتەکانیان بە تەنها بەسەر بەرن وەک لەوەی لەگەڵ کەسانیتردا بن.
- داوای دەستەبەرکردنی ئاسودەی و خشحاڵی خۆیان ناکەن لە کەسانیدیکە.
- لەبەرئەوەی گوزارشتکردن لە هەست و سۆز و پێداویستییەکانیان هەمیشە کارێکی سادە و ئاسان نییە، دەشێت بە شێوەیەکی سەیر یاخود نەشیاو هەڵسوکەوت بکەن.

لەوانەیە هەندێکیان خوازیاری ئەوەبن پەیوەندی لەگەڵ کەسانیدیکە ببەستن و هاوڕێیەتی درووستبکەن، بەڵام نازانن چۆن دەستپێبکەن. ئەم ئاستەنگییانەش دەبنە هۆی دروستبوونی کێشە لە نێو پۆلەکانی خوێندن و گۆڕەپانەکانی یاریکردندا. لەکاتی دروستکردنی هاوڕێیەتیدا، دووچاری مامەڵەی خراپ و لۆمەکردن دەبنەوە.

- **ئاستەنگی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا:**

ئەمەش چۆنێتی بەکارهێنان و تێگەیشتن لە زمان دەگرێتەوە چ زارەکی چ نا زارەکی، وەک بەکارهێنانی ئاماژە و زمانی جەستە، و هەروەها بەرزی و نزمی تۆنی دەنگ.

زۆربەی ئەو کەسانەی پەشێوی شەبەنگی ئۆتیزمیان هەیە، تێگەیشتنێکی حەرفییان هەیە بۆ زمان، وە هەمیشە پێیان وایە خەڵکی چی دەڵێن درووست ئەوە ئەنجام دەدەن و مەبەستیان ئەوەیە.

تێگەیشتن و بەکارهێنانی ئەمانەیان بەلاوە سەخت و دژوارە:

- زمانی جەستە و بەرزی و نزمی تۆنی دەنگ.
- نوکتە و گەڵتە و ڕابواردن.
- فرەیزە باوەکان، گوتە و خواستن(مێتافۆڕ) بۆ نمونە، فرەیزی "it is cool" خەڵکی کاتێک دەیڵێن کە شتێک بە لایانەوە جوان و سەرنجڕاکێش بێت، بەڵام مانا حەرفییەکەی واتا "کەشوهەواکە کەمێک ساردە".

هەندێک لە تووشبووانی پەشێوی شەبەنگی ئۆتیزم دەشێت قسە نەکەن، یاخود قسەکردنیان سنووردار بێت. زۆربەی کات تێدەگەن کە خەڵکی چییان پێدەڵێت، بەڵام دەشێت شێوازێکی جیاوازی پەیوەندیکردن بەکاربهێنن وەک زمانی ئاماژە و هێما.

وە هەندێکیدیکەیان کارامەن لە بەکارهێنانی زماندا، بەڵام هێشتا تێگەیشتن لە سروشتی پەیوەندیکردن کارێکی سەختە بەلایانەوە. لەوانەیە تەنها ئەوە دووبارە بکەنەوە کە کەسەکە پێی گوتونن؛ ئەم حاڵەتەش ئەمەش ناسراوە بە ئیکۆلێلا، یاخود بەردەوام و بێ هیچ وەستانێک لەبارەی ئەو شتانەوە دەدوێن کە ئارەزووی دەکەن.

کارێکی بەسوود دەبێت ئەگەر خەڵکی بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ و ڕەوان قسە لەگەڵ کەسانی تووشبوو بەم پەشێوییەدا بکەن و کاتیان پێ بدەن بۆ ئەوەی تێبگەن چییان پێ گوتراوە.

- **ئاستەنگی لە وێنا و چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتییەکاندا:**

ئەمەش توانای تێگەیشتن و پێشبینیکردنی مەبەست و هەڵسوکەوتی کەسەکانیدیکە دەگرێتەوە، هەروەها توانای وێناکردنی بارودۆخەکان لە دەرەوەی لایەنە ڕۆتینییەکەی. ئەمەش دەکرێت لەگەڵ کۆمەڵێک چالاکی سنووردار و دووبارەدا بەدەربکەویت.

**کەسانی تووشبوو بە پەشێوی شەبەنگی ئۆتیزم بەلایانەوە سەختە کە:**

- لە بیروبۆچوون و هەست و کرداری کەسانیدیکە تێبگەن و لێکدانەوەیان بۆ بکەن.
- پێشبینی ئەوە بکەن کە چی ڕوودەدات دواتر، یاخود ئەگەری هەیە چی ڕووبدات.
- تێبگەن لە مانا و ناوەڕۆکی مەترسی، بۆ نموونە لەوە تێناگەن کە ڕاکردن بەرەو نێو شەقامێکی شڵۆق و قەرەباڵخ دەبێتە مایەی درووستبوونی مەترسی لەسەر ژیانیان.
- بەژداریکردن لە شانۆ و چالاکییە خەیاڵاوییەکاندا، ڕەنگە منداڵانی تووشبوو بە ئۆتیزم چێژ لەو جۆرە چالاکییانە وەربگرن بەڵام پێیان باشترە کە هەموو جارێک هەمان دیمەن دووبارە بکەنەوە و هیچ گۆڕانکارییەک درووست نەبێت.

- ئامادەکاری بکەن بۆ گۆڕانکاری و پلان بۆ داهاتوو دابنێن.
- لەگەڵ بارودۆخی تازە یاخود بارودۆخێک کە پێی ئاشنا نین ڕابێن.

دژواری و ئاستەنگی لە وێناکردن و چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتییەکاندا نابێت تێکەڵ بکرێت لەگەڵ کەموکوڕی لە ئەندێشە وخەیاڵکردندا. کەسانی تووشبوو بە ئۆتیزم دەتوانن گەلێک داهێنەربن، بۆ نموونە دەتوانن ببنە هونەرمەندێکی تەواو و کامڵ، مۆسیقار، یاخود نووسەر. هەندێکیان چەندین خولیای تایبەتیان هەیە کە هەموو فکر و هۆشیان داگیردەکات و ڕەنگە تێیدا زۆر کارامە و زرنگبن.

## ڕۆتین و کێشە وابەستەکان بە هەستەوە

کەسانی تووشبوو بە پەشێوی شەبەنگی ئۆتیزم دەشێت ئەزموونی هەستیارییەکی لەڕادە بەدەر، یاخود لە دەستدانی هەست بکەن لە بەرامبەر دەنگ و ژاوەژاو، دەستلێدان و بەرکەوتن، تام، بۆن، هەروەها ڕووناکی و ڕەنگەکان. زۆرێک لە تووشبووانی ئەم پەشێوییە پێیان باشە کە ڕۆژانە ڕۆتینێکی جێگیریان هەبێت تا بزانن چی ڕوودەدات، هەروەها ئارەزووی ئەوە دەکەن کە پەیوەستبن بە یاسایەکی جێگیرەوە. هەندێکیشیان ڕۆژانە چێژ لە دووبارەکردنەوەی هەمان چالاکی وەردەگرن.دەشێت ڕۆژە سەرقاڵ و پڕ لە چالاکییە هەمەجۆرەکانی خوێندنگە، ببێتە هۆی درووستبوونی فشارێکی ئێجگار زۆر بۆ ئەو خوێندکارانەی ئەم تایبەتمەندییانەیەن هەیە.

## کۆنیشانەی ئەسپەرگەر

کۆنیشانەی ئەسپەرگەر، جۆرێکە لە ئۆتیزم. بە شێوەیەکی گشتی، کەسانی تووشبوو بە کۆنیشانەی ئەسپەرگەر یاخود ئەو کەسەنەی ئۆتیزمیان هەیە و پێویستییان بە پاڵپشتی کەسانیدیکە نییە، زیرەکییەکی مامناوەند یاخود زیاتر لە مامناوەندیان هەیە. هەروەها کێشەی کەمتریان هەیە لەگەڵ ئاخاوتندا، بەڵام هێشتا دەکرێت ڕووبەڕووی کێشە ببنەوە لە تێگەیشتن و بەکارهێنانی زماندا. بە شێوەیەکی گشتی کەسانی تووشبوو بە کۆنیشانەی ئەسپەرگەر پەشێوی فێربوونیان نییە، بەڵام دەشێت دژوارییەکی تایبەتیان هەبێت لە فێربووندا، لە نێویشیاندا دیسلێکسیا(دژواری لە خوێندنەوەدا).

## ئەو حاڵەتانەی بەتەک پەشێوی شەبەنگی ئۆتیزمدا دەردەکەون

تووشبوانی ئەم پەشێوییە دەشێت لەگەڵ پەشێوی شەبەنگی ئۆتیزمدا، تووشی چەند حاڵەتێکی دیکەش ببن؛ بۆ نموونە فێ، پەشێوی نەبوونی تەرکیز و چالاکی لەڕادەبەدەر، یاخود پەشێوی گەشەسەندن و چۆنێتی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان.

## پەشێوی شەبەنگی ئۆتیزم لە نێو خوێندنگەکەتدا

ئەو خوێندکارانەی پەشێوی شەبەنگی ئۆتیزمیان هەیە، لەگەڵیشیدا دووچاری دژواری دەبنەوە لە فێربووندا و وشەکانیان سنووردارە و بە باشی نائاخڤێن، پێویستیان بە پاڵپشتی و هاوکارییەکی ئێجگار زۆرە. لەهەمان کاتدا، ئەو خوێندکارانەی کە کۆنیشانەی ئەسپەرگەریان هەیە، زۆربەی کاتەکان ئاستی زیرەکییان ئاساییە یاخود زۆر بەرزە، وە دەشێت لایەنی زمانەوانی و وشەکانیان بەباشی گەشەیسەندبێت، بەڵام لەبەرامبەردا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان و درککردنیان بە هەست و بیرکردنەوەی کەسانی دیکە لاوازە. هەروەها تێگەیشتن لە زمانی جەستە کاریکی سەختە و ئاسان نییە بۆیان. بەلایانەوە قورس و دژوارە کە پەیوەندییەکی قوڵ و تەندرووستیان هەبێت لەگەڵ کەسانی دیکەدا. زۆربەی کات کێشەیان هەیە لە درووستکردنی پەیوەندییەکی گونجاو و شیودا لەگەڵ کەسانی پێگەیشتوو و منداڵەکانیتردا، هەروەها کێشەیان هەیە لەگەڵ پابەندبوون بە یاسا نەنووسراوەکانی کۆمەڵگەوە کە منداڵانی دیکە بە شێوەیەکی سرووشتی و بێ هیچ هەوڵدانێک پابەندی دەبن.

## چۆن ئەم دژواری و ئاستەنگییانە کاریگەرییان دەبێت لەسەر منداڵان لە خوێندنگادا؟

هەر خوێندکارێک کە پەشێوی شەبەنگی ئۆتیزمی تێدا دەستنیشانکرابێت، بێگومان هەڵسوکەوتێکی جیاوازی دەبێت. هەندێکیان زۆر بێدەنگن، بەڵام هەندێکیان گەلێک دەنگەدەنگ و ژاوەژاو دەنێنەوە و چواردەورەکەیان هەراسان دەکەن. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارەی کە منداڵانی تووشبوو بە پەشێوی شەبەنگی ئۆتیزم

ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کێشە و ناڕەحەتی دەبنەوە لە پەیوەندی و بەرکەوتنە کۆمەڵایەتییەکانیاندا، هەروەها بەلایانەوە قورسە کە لەگەڵ خەڵکیتردا هەڵسوکەوت بکەن و هەڵبکەن لەگەڵیاندا. هەروەها خۆگونجاندن کارێی گەلێک سەخت و دژوارە بۆیان. ئەمە جگە لەوەی شکست دەهێنن لە درککردن بە هەست و سۆزی خەڵکی و ناتوانن بە ئاسانی لێیان تێبگەن. وە هەروەها دەشێت دووچاری کێشە و ناخۆشی ببنەوە لە نێو پۆلەکانی خوێندن و گۆڕەپانەکانی یاریکردندا، و ناتوانن بە باشی مامەڵە لەگەڵ ڕووداوە کتووپڕ و چاوەڕواننەکراوەکاندا بکەن. ڕەنگە نەتوانن بە باشی لە زمانی جەستە، ئامەژە، هەروەها بەرزی و نزمی تۆنی دەنگ تێبگەن. تێگەیشتن لە مامۆستا و بابەتەکانی دیکەی خوێندنگە، هەروەها تێگەیشتن لە کاردانەوەی خوێندکارەکانی دیکە و بەشداریکردنی ڕۆژانە کارێکی سەختە و دژوارە بۆ تووشبووانی ئەم پەشێوییە. بەهۆی ئەم ناحاڵیبوونەوە، دەشێت منداڵانی تووشبوو بە پەشێوی شەبەنگی ئۆتیزم گەلێک هەستیار و لاوازبن لەبەرامبەر ڕەفتار و مامەڵە و قسە نەشیاو و نابەجێکاندا.

دەشێت ئەو منداڵانەی پەشێوی شەبەنگی ئۆتیزمیان هەیە، نەتوانن بە ئاسانی مامەڵە لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەدا بکەن کە لە خشتەی کاری ڕۆژانەیاندا دێتە پێشێ، بۆ نموونە، گۆڕانکاری لە بابەتەکانی فێرکاریدا. جگە لەوەش، دەشێت بناڵێنن بەدەست تێگەیشتن لەو وانە و بابەتانەی لە خوێندنگە بە شێوازێکی ئابستراکت دەربڕدراوە.

هەموو ئەو کەسانەی پەشێوی شەبەنگی ئۆتیزمیان هەیە ڕووبەڕووی دژوای دەبنەوە لە تێگەیشتن لە پەیوەندی و بەریەککەوتنەکانی کاسانی دیکە. هەروەها ناشتوانن خۆیان بخەنە جێی کەسانی دیکە و هەستیان پێ بکەن، یان ناتوانن بە جۆرێک مامەڵە بکەن کە یاریدەدەریان بێت بۆ ئەوە بتوانن بە ئاسانی لەو پەیوەنیانەدا بمێننەوە لەگەڵ هاوڕێکانیاندا.

## ناسینەوە و دەستنیشانکردنی پەشێوی شەبەنگی ئۆتیزمی منداڵان لە نێو خوێندنگەدا

بوونی پەشێوی شەبەنگی ئۆتیزم کاریگەری نابێت لەسەر شێوازی ڕووخساری کەسی تووشبوو. نیشانەکانی بوونی پەشێوی شەبەنگی ئۆتیزم لە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری منداڵەکەدا بەدەردەکەوێت، بێگومان ئەمەش چاودێرییەکی ورد و درشتی دەوێت. ئەو

منداڵانەی ئەم حاڵەتەیان هەیە، دەشێت نەتوانن بە شێوەیەکی درووست پەیوەندی بکەن لەگەڵ بەرامبەرەکەیاندا بۆ نمونە ناتوانن نیگاکانیان ڕێکبخەن و بە شێوەیەکی شیوا سەیری کەسی بەرامبەر بکەن. وە هەندێکیشیان لەوانەی لە سەر نوکی پێیان بە ڕێگادا بڕۆن. بەڵام جیاوازییەکان لە نێو هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکاندا گەلێک لەمە زۆرترە کە باسمان کردووە. بۆ نموونە، کۆنیشانەی ئەسپەرگەر زۆر لەوە باوترە کە هەستی پێ کراوە لە نێو خەڵکیدا.

لە خوارەوە ئاماژە بە چەند نیشانەیەکی هەڵسووکەوتی دراوە کە دەشێت بوونی پەشێوی شەبەنگی ئۆتیزم پشتڕاست بکاتەوە.

ئەگەر منداڵێکی دیاریکراو یاخوود هەرزەکارێک لە مێشکتدایە و گەلێک لەم نیشانانەی لای خوارەوەی تێدایە، بەڵام هیچ دەستنیشانکارییەکی بۆ نەکراوە، ئەوا پێویستە قسە لەگەڵ دایکوباوکیان بکەیت و بەدواداچوونی بۆبکرێت.

## ئایا منداڵەکە/هەرزەکارەکە:

- بەهۆی لاوازیی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیدا بە سەختی دەتوانێت پەیوەندی هاوڕێیەتی درووستبکات و درێژەی پێ بدات لەگەڵ هاوتەمەنەکانی خۆیدا؟ یاخود زۆر بە کەمی ئارەزووی ئەوە دەکات کە لەگەڵ منداڵانی دیکەدا تێکەڵبێت؟
- بەلایەوە سەختە کە لە ڕێنماییەکان تێبگات، مەگەر بە شێوەیەکی زۆر ڕوون و ئاشکرا خرابێتەڕوو، وە هەروەها ناتوانێت بە ئاسانی ئەرک و ڕاهێنانەکانی خوێندنگە بەجێبگەیەنێت، ئەگەر چی زرنگ و زیرەکیشبێت؟
- زۆربەی کات لەبەر شێوازی ڕەفتار و مامەڵەکردنیان لەگەڵ خوێندکارەکانی دیکەدا، دەبنە ئامانجی منداڵەکانی دیکە بۆ ئەوەی تووڕەیان بکەن و بە خراپی مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن؟

  بەهۆی ئەوەی خراپ مامەڵەیی لەگەڵ کراوە بە شێوەیەکی نابەرپرسانە و هەڵەشە هەڵسوکەوت دەکات؟
- ناتوانێت کاتە دانەڕێژراوەکانی بە شێوەیەکی گونجاو بەسەربەرێت، بۆ نموونە، لە کاتی نانی نیوەڕۆدا بەتەنها دادەنیشێت؟ یاخود هەوڵدەدەن بەشداری یارییەکان بکەن بەڵام سەرکەوتوو نابن تێیدا؟

- به کەمی درک بە کسانی دیکە دەکات و نازانێت چۆن دەکرێت هەڵسوکەوتەکانی کاریگەری هەبێت لەسەر کەسانی دیکە؟ بۆ نموونە، وەستانەوەی دژی مامۆستا و گوێڕایەڵ نەبوون بۆ مامۆستاکەی و بابەتەکانی دیکەی خوێندنگە. یاخود ڕێگریدەکەن لە منداڵانی دیکە لەوەی بەشداری بکەن لەگەڵیدا لە یارییەکدا و سەرنج و تێبینی نەشیوا دەدات لە نێو پۆلدا؟ وە بە دەنگی بەرز قسەدەکات و کاردانەوە لەڕادەبەدەری دەبێت بەرامبەر لەدەستدانی شتێک؟
- ناتوانن هەڵبکەن لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەی دەشێت درووستببێت لە ڕۆتینی ڕۆژانەیاندا؟ بۆ نموونە، بێزاردەبن گەر مامۆستاکەیان بۆ ماوەیەکی کاتی بگۆڕێت، یاخود پۆلەکەیان بگۆڕن؟ زۆر نیگەران دەبن ئەگەر کارەکانی ڕۆژانەیان بە شێوەیەکی زنجیرەی و یەک لە دوای یەک ڕوونەدات؟
- ئەنجامدانی چالاکییەکان بە شێوەی گرووپ کارێکی سەختە بۆی؟ بۆ نموونە لەبەر ئەوەی لاوازە لە پەیوەندی کۆمەڵایەتیدا یان لەبەر ئەوەی دەیەوێت هەموو شتێک بەو شێوەیە بەڕێوە بچێت کە خۆی دەیەوێت؟
- زۆربەی کات لە نێو ژینگە قەرەبەڵغ و شلۆقەکاندا هەست بە نیگەرانی و نائارامی دەکات؟ بۆ نموونە لە نێو هۆڵی نان خواردن یان لە نێو وانە کردەییەکاندا؟
- پێستی هەستیای هەیە لە بەرامبەر هەندێک ماددەدا، بە ئەندازەیەک ناتوانێت هەندێک جلوبەرگ بپۆشێت لەبەر ئەو هەستیارییەی؟
- بە جۆرێک زمانی جەستە بەکاردەهێنێت کە ناچار دەبێت هەستێتە سەر پێ؟ بۆ نموونە بە شێوەیەکی سەیر دەوەستێت، یاخود کەموکوڕی هەیە لە یەکخستنی زمانی جەستە و شێوازی گوزارشتکردندا، یان زمانی جەستە و کاردانەوەی دەموچاوی نامۆ و نائاساییە؟
- ئاستی بەرز و نزمی دەنگی و ئەو وشە و ڕستانەی بەکاریدەهێنێت جیاوازە لە هاوتەمەن و هاوەڵەکانی؟
- چەن ڕەفتار و خولیای جیاوازی هەیە کە جیای بکاتەوە لە هاوپۆلەکانی؟

## هەستێکی چۆنە گەر پەشێوی شەبەنگی ئۆتیزمت هەبێت؟

### کلتورێکی نامۆ و جیاواز

بیهێنە پێش چاوی خۆت لەناکاو دەخرێیتە نێو کلتورێکەوە کە تەواو جیاوازە لە کلتورەکەی خۆت و خەڵکەکەی جیاوازتر دەردەکەون لە تۆ. کلتورێک کە تێیدا هەمیشە ترسی شکاندنی ئەو یاسایانەت هەیە کە لێیان تێناگەیت، هەروەها دەناڵێنیت بەدەست خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو شتانەی کە کەسەکانی دیکە زۆر بە ئاسای مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن. بەڵێ، ئەو خوێندکارانەی پەشێوی شەبەنگی ئۆتیزمیان هەیە لە خوێندنگە هەمیشە ئەم هەستی نامۆبوونەیان هەیە و سەریان لێ شێواوە.

### خوێندنەوەی خەڵکی

ئێمە هەر لەگەڵ چاومان بە کەسێک دەکەوێت بە هەموو شێوەیەک بڕیاریان لەسەر دەدەین و و پێشداوەریمان دەبێت بۆیان. تەنها بە یەک تەماشاکردن دەتوانین هەڵیبهێنین کە تەمەنیان چەند ساڵە و لە چێ بەرودۆخێکدان، هەروەها بەو کاردانەوانەی لەسەر دەموچاویان هەیە دەتوانین بزانین هەست بەچی دەکەن. ئێمە بێ هیچ هەوڵدان وبیرکردنەوەیەک دەتوانین لەگەڵ کەسانی دیکەدا خۆمان بگونجێنین. ئەم توانایە کە زۆربەی زۆری خەڵکی هەیانە، کێشەی سەرەکی پەیوەندی ئەو خوێندکارانەیە کە پەشێوەی شەبەنگی ئۆتیزمیان هەیە.

### فێرکردن و پاڵپشتیکردنی خوێندکارانی تووشبوو بە پەشێوی شەبەنگی ئۆتیزم لە خوێندنگەدا

کەسانی تووشبوو بە پەشێوی شەبەنگی ئۆتیزم بە شێوەیەکی جیاواز فێری شت دەبن و بیرکردنەوەیان جیاوازە. ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە پێویستیان بە ڕێگەیەکی جیاواز هەیە، ئەو ڕیگە جیاوازەش دەشێت پەیڕەوکردنی یاساکانی خوێندنگە بێت بە شێوازێکی جیاواز، بۆ نموونە، گەر کێشەی هەڵسوکەوت و ڕەفتارکردن درووستبوو.

ئەمە بۆ ئەوە نییە کە بمانەوێت بەهانە بۆ هەڵسوکەوتی نەشیاو و نەخوازراو بهێنینەوە، بەڵکو ئەمە تێگەیشتنێکە لەو ڕاستییەی کە سزا دانی ئەو خوێندکارانەی پەشێوی شەبەنگی ئۆتیزمیان هەیە زۆربەی کات دەرئەنجامێکی پێچەوانەی دەبێت، چونکە

دژواری و کێشە ڕەفتارییەکانیان زۆرینەی کات بەهۆی کەمی ئاستی تێگەیشتنیانەوەوە بۆ بابەتەکان.

کارێکی باش و بەسوود دەبێت ئەگەر زۆر بە وریاییەوە لەو هۆکارانە بکۆڵینەوە کە وایکردووە خوێندکارەکە بە شێوازێکی دیاریکراو هەڵسوکەوت بکات. ئەمەش بۆ ئەوەی کار لەسەر ڕێگاکانی چۆنێتی خۆبەدوورگرتن بکرێت لەو بارودۆخانە، وە هەروەها بۆ ئەوەی ئاستی تێگەیشتنیان بۆ بارودۆخە هاوشێوەکان بەرزبکرێتەوە.

بۆ نموونە، ئەو کارە نابەجێ و سنوورشکێنانەی ئەنجامی دەدەن زۆربەی کات پەیوەندی هەیە بە دڵەڕاوکێوە، ئەمەش بە هۆی نەبوونی توانای تێگەیشتن لە هەڵسوکەوت و پاڵنەری کەسەکانی چواردەوریانە. سەبارەت بەو هەڵسوکەوتانەی ئەنجامی دەدەن لە پێناو ڕاکێشانی سەرنجی کەسانی دیکە بە لای خۆیاندا، زۆربەی کات هۆکارەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی وا هەستدەکەن کە سەر بە کۆمەڵەکەی خۆیان نین و بەجێهێڵدراون، ئەمەش چونکە نەیانتوانیوە لەو پەیوەندی و بەریەککەوتنە کۆمەڵایەتی و نوکتە و گاڵتەوگەپانەی چواردەوریان تێبگەن. هەموو خوێندنگاکان نیازی ئەوەیان هەیە دەستبکەن بە بەکارهێنان و پەرەدان بەو ڕێگایانەی یاریدەی خوێندکارانی تووشبوو بە پەشێوی شەبەنگی ئۆتیزم دەکات، ئەمەش بۆ ئەوەی بە ئاسانی ڕۆژانی خوێندنگە بەسەربەرن. هاوکات کۆمەڵێک ستراتیجی هەن کە دەکرێت بەکاربهێندرێن بۆ هاوکاری و پاڵپشتی ئەو خوێندکارانەی پەشێوی شەبەنگی ئۆتیزمیان هەیە. لە بەشی چواردا ڕێنومای دەدرێت لەسەر شێوازی بەستنی پەیوەندی و هەروەها پوختەیەکیش لەسەر ستراتیجییەکان دەخرەتەڕوو کە دەشێت گونجاو و بەسوود بن.

**لە خوێندنگە ئاساییە بەڵام لەماڵەوە کارەساتە...**

ئەمە ئەو ڕستە باوەیە کە زۆربەی دایکوباوکەکان بەکاری دەهێنن، وە بە دەگمەن پەیوەندی هەیە بەوەی کە دایکوباوکەکە خراپبن و نەزانن باش مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن. سەرەکیترین کێشەی ئەو کەسانەی پەشێوی شەبەنگی ئۆتیزمیان هەیە دڵەڕاوکێیە. ئەم دڵەڕاوکێیەش هۆکارەکەی ئەوەیە کە هەمیشە دەیانەوێت لەو بڕیار و فەرمانانە تێبگن کە دەستەی بەڕێوبەرایەتی خوێندنگە دەریدەکات، تەنانەت هەوڵدەدەن کە لەگەڵ قسە و نوکتەی خوێندکارەانی دیکەشدا خۆیان بگونجێنن.

کارێکی سەختە بۆ ئەو کەسانەی کە خۆیان ئەزموونی کۆنیشانەی ئەسپەرگەریان نەکردووە بتوانن لە ئاستی دڵەڕاوکێی خوێندکارانی تووشبوو بە کۆنیشانەی ئەسپەرگەر تێبگەن، بە تایبەت لەوانەی کە فێربوون  زۆر بە باشی نوواندن بکەن؛ ئەمەش بۆ ئەوەی وا خۆیان دەربخەن کە لەگەڵ کۆمەڵگەدا دەگونجێن بۆ ئەوەی خۆیان بپارێزن لەوەی خەڵکی بە نامۆ و سەیر بانگیان بکەن، یانیش زۆرێکیان ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان دەدەن بۆ ئەوەی ئەرکەکانی خوێندنگە بە باشترین شێواز ڕابپەڕێنن. هەرچەندە ئەو خوێندکارانەی ئەم حاڵەتەیان هەیە، باسیان لەوە کردووە کاتێک کە دەگەڕێنەوە ماڵەوە هەست بە فشار و تووڕەی و شەکەتییەکی زۆر دەکەن. بە بێ ویستی خۆیان ئەم هەستانەیان بۆ دروستدەبێت کاتێک لە ماڵەوەن، وە دەشکرێت بە شێوازێکی گەلێ دڵڕەقانە و نەشیاو ئەو هەستەیان دەربڕن و ناخیان خاڵی بکەنەوە. هەر بۆیە دایکوباوک و ئەندامانی دیکەی خیزانەکە دەناڵێنن بە دەست ئەم بارودۆخەوە و حاڵیان پەرێشانە بە دەستیانەوە. ئەگەر دایکوباوکێک هاتن بۆلات و ئەم جۆرە سەرنجانەیان هەبوو لەسەر منداڵەکەیان و دڵنیاش نەبوون لەوەی چی ڕوویداوە لە خوێندنگە؛ ئەوا بیرۆکەیەکی باش دەبێت کە کار لەسەر ئەوە بکەن پەیوەندی بەردەوامیان لەگەڵ منداڵەکە و خوێندنگەکەدا هەبێت، یاخود ئاگاداری هەر جۆرە رووداو و چالاکییەکی دیکەی نێو خوێندنگەکە بن لە ڕێگەی بەکارهێنانی تێنووسی پەیوەندی دایباب و مامۆستا، یاخود دانانی پلانێک بۆ ئەوەی دایکوباوکەکە ئاگاداری هەموو شتێکبن. ئەم ڕێگەیە زۆر گونجاوە چونکە لە هەمان کاتدا دایکوباوکەکەش دەتوانن بە ئاسانی لە پەیوەندیدا بن لەگەڵتدا و ئاگادارت بکەنەوە ئەگەر کێشەیەک ڕوویدابوو.

## چۆن دەتوانم هاوکاری ئەو خوێندکارانە بکەم کە پەشێوی شەبەنگی ئۆتیزمیان هەیە لە خوێندنگاکەمدا؟

لەم بەشەدا ڕینمای دەدەین لە بارەی چۆنێتی بەستنی پەیوەندی لەگەڵ ئەو خوێندکارانەی کە پەشێوی شەبەنگی ئۆتیزمیان هەیە، هەروەها پوختەی ئەو  ڕێگەچارە و ستراتیجییە هەمەجۆرانە دەخەینەڕوو کە مامۆستایان و تیمەکانی پاڵپشتی دەتوانن بەکاریبهێنن بۆ هاوکاریکردن و پاڵپشتیکردنی ئەو منداڵانەی پەشێوی شەبەنگی ئۆتیزمیان هەیە. ئەم ڕێگەچارە  و ستراتیجەییە جۆراوجۆرانەش، دەشێت بەپێی تەمەن و توانای خوێندکارەکەت یاخود بەپێی خوێندنگەکەت هەڵبژێردرێت و بگونجێندرێت لەگەڵیاندا.

## پەیوەندی بەستن (گفتوگۆکردن) بە شێوازێکی کاریگەرانە

ڕێنماییەکانی لای خوارەوە لەسەر شێوازی بەستنی پەیوەندی لەگەڵ ئەو منداڵانەیە پەشێوی شەبەنگی ئۆتیزمیان هەیە، دەشێت بەسوود بێت بۆ چۆنێتی پەیوەندی بەستن لەگەڵ خوێندکارەکانی دیکەشدا. دەکرێت ئاست و شێوازی بەکارهێنانی زمان بەپێی خوێندکارانی مەبەست بە شێوازێکی گونجاو گۆڕانکاری بەسەردابێت. جگە لەمەش، دەشێت پێویستت بە بەکارهێنانی وێنە ڕوونکردنەوەییەکان بێت، بەتایبەتی بۆ ئەو خوێندکارانەی کە لە ئاخاوتندا باش نین یاخود هەر نائاخڤێن. وە ئەم ڕێنماییانە دەشێت بۆ ئەو منداڵانەش بەسوودبێت کە ئاستی ئاخاوتنیان باشترە.

- هەتا دەتوانیت بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا پەیوەندیان لەگەڵدا ببەستە و درووست ئەو شتە بڵێ کە مەبەستتە. هەرشتێک بە ناڕاستەوخۆی بگوترێت، پێدەچێت کە لێی تێنەگەن. بۆ نموونە، پرسیارێکی وەک "ئایا دەتەوێت ئێستا ڕاهێنانە وەرزشییەکانت بکەیت؟" دەشێت وەڵامەکەی زۆر ڕاشکاوانە نەخێر بێت (بە بێ مەبەست بێزارکەر). یاخود، دەشێت پرسیار بکەیت وبڵێیت "دەتوانی لەوێدا دابنیشیت؟" یان بڵێیت "دەتوانی ئەو کاغەزە هەڵبگریتەوە و بیخەیتە تەنەکەی زبڵەکەوە؟" وە لە وەڵامدا منداڵەکە دەڵێت "بەڵێ" بەڵام هەڵناستێت بە ئەنجامدانی کارەکە؛ وەڵامەکەی ڕاستگۆیانەبوو بەڵام پێدەچێت خوێندکارەکە تێنەگەیشتبێت کە تۆ هەر بەڕاست دەتەوێت ئەو هەلبستێت بە ئەنجامدانی ئەو کارە.
- قسە و وتەکانت با ڕاستەوخۆبن و هیچ پێچوپەنایەکی تێدا نەبێت. خۆت بەدوور بگرە لە بەکارهێنانی ئەو قسانەی کە دوو مانا دەبەخشن و تەنزاوین یاخود بۆ توڕەکردن و گاڵتەکردن بەکاردێن، یان پرسیاری ئاڵۆز و نوکتە و مەتەڵی گاڵتەوگەپ. مەگەر لەوە دڵنیابیت کە خوێندکارەکە بە تەواوی تێدەگات. پێش ئەوەی دەستبکەیت بە گفتوگۆ کردن، دڵنیابەرەوە لەوەی کە خوێندکارەکە هەموو بیروهۆشی لای تۆیە، بۆ ئەوەی سەرنجی بەلای خۆتدا ڕابکێشیت ناوی خوێندکارەکە بەکاربهێنە؛ بەڵام چاوەڕوانی ئەوەت نەبێت کە سەیرت بکات و چاو ببڕێتە نێو چاوەکانت، چونکە ئەمە کارێکی سەختە بۆ ئەو خوێندکارانەی کە پەشێوی شەبەنگی ئۆتیزمییان هەیە.
- دەشێت پێویست بکات بە شیوەیەکی کاوەخۆ و لەسەرخۆ بدوێی لەگەڵیاندا؛ پێش ئەوەی دەست بکەیت بە بەخشینی زانیاری زیاتر یان داواکارییەکەت دووبارە

بکەیتەوە، چەند خولەکێک بدە بە خوێندکارەکە بۆ ئەوەی بتوانێت زانیارییە نوێیەکان وەربگرێت و وەڵامت بداتەوە.

- دڵنیابەرەوە لەوەی خوێندکارەکە تێگەشتووە دەبێت چی بکات لە نێو پۆلدا یاخود چی ئامادە بکات وەک ئەرکی ماڵەوە. بە تەنها لەبەر ئەوەی دەتوانێت ئەو ڕێنماییانە بڵێتەوە کە تۆ پێت گوتووە، مانای ئەوە نییە کە تێگەیشتووە. ئەمەش جگە لەوەی وەرگرتنی زانیاری بە شێوەیەکی زارەکی سەختترە بۆ ئەو خوێندکارانەی پەشێوی شەبەنگی ئۆتیزمیان هەیە. بۆ ئەم کاتە، وێنە ڕوونکردنەوەییەکان دەشێت یارمەتیدەربن.
- دڵنیابەرەوە لەوەی خوێندکارەکە دەزانێت لە خوێندنگەدا چی جۆرە چاوەڕوانییەکیان لێی هەیە. بۆ نموونە، بۆ هەر وانەیەک دەبێت لە کام پۆلدا دابنیشێت، چۆن گفتوگۆ بکات لە دەرەوەی خوێندنگەکە، دەبێت بۆ ئەرکی ماڵەوە چی ئامادەبکات، کەی دەتوانێت بڕوات پشوو وەربگرێت و کەی کاتی نانی نیوەڕۆیە، یاخود چۆن مامەڵە بکات لە نێو گۆڕەپانی خوێندنگە لە کاتێکدا تووشی شڵەژان و فشاربووە، یانیش کەی ڕۆژی گەشتی خوێندنگەیە.

زۆربەی ئاستەنگی و دژوارییەکان بەهۆی نەبوونی زانیاری پێویست لەسەر شێوازی مامەڵەکردن لە بۆنە جیاوازە کۆمەڵایەتییەکندا دێنە ئاراوە.

- ئارامبە. پێدەچێت هەندێک لە تووشبووانی ئەم پەشێوییە بە مەبەست خۆیان وەک کەسێک دەربخەن کە هیچ ئارەزوویەکیان نییە و حەز بە هیچ پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی ناکەن، وە لە هەمان کاتدا خۆیان بەدوور دەگرن لە بەکارهێنانی زمانی جەستە و بێرەوشتن. لێ بابەتەکە زۆر دوورە لەمەوە. ئەو خوێندکارانەی پەشێوی شەبەنگی ئۆتیزمیان هەیە، سادەترین تێگەیشتنیشیان نییە بۆ کۆمەڵگا و چواردەورەکەیان تا بتوانن هەست بەوە بکەن لە لای کەسانی دیکە چۆن بەدەردەکەون. ناوەناوە پێدەچێت شتانێک بڵێن یاخود کارێک ئەنجامبدەن کە ببێتە هۆی مەترسی یاخود هەڕەشەیەک بۆ سەر سیستمی بەڕێوبەرایەتیت لە نێو خوێندنگەدا. هەوڵبدە هیچ کامێک لەمانە بە شێوازێکی کەسی وەرنەگریت، بەڵکو بە ئارامی و لەسەرخۆییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بەکەیت. ئەو دژواری و ناڕەحەتییانەی کەسی تووشبوو ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، دەرئەنجامی جیاوازییەکی بایۆلۆجییە لەو بەشانەی مێشکیدا کە بەرپرسن لە ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی هەڵسوکەوت و تێگەیشتنە کۆمەڵایەتییەکانی.
- ئەگەر خوێندکارێک ڕووبەڕووی ئاستەنگی بووەوە لە زاڵبوون بەسەر ڕەفتار و هەڵسوکەوتیدا لە نێو پۆلدا، دڵنیابەرەوە لەوەی ستراتیجی دەربازبوون و هێورکردنەوە هەبێت. بۆ نموونە، ژوورێکی بێدەنگ کە خوێندکار دەتوانێت

وەک جێگەیەکی پارێزراو بەکاریبهێنێت لەکاتی بوونی فشارێکی زۆردا، یاخود هەر جێگەیەکی دیکە کە بێدەنگ و پارێزراو بێت.

- خۆت بەدوور بگرە لەوەی بتەوێت بە مناقەشەکردن یاخود بە بەرزکردنەوەی دەنگت ڕووبەڕووی خوێندکارێکی تووڕە یان نیگەران ببیتەوە. زۆرینەی زۆری ئەو کەسانەی پەشێوی شەبەنگی ئۆتیزمیان هەیە، گەلێک هەستیارن بەرامبەر دەنگەدەنگ، لەلای هەندێکیان، دەنگی بەرز و ژاوەژاو وەک ئازارێکی جەستەی وایە بۆیان. بەرزکردنەوەی دەنگ بە هیچ جۆرێک هاوکاری خوێندکارەکە ناکات بۆ ئەوەی تێبگات چی لێ داواکراوە. تۆنێکی ئارام و سرووشتی بەکاربهێنە؛ هاوار مەکە بەسەریدا، یاخود پێشبینی ئەوە مەکە کە بتوانێت لە کاردانەوە ڕووخسارییەکان و زمانی جەستەت تێبگات. لە جیاتی ئەوە هەوڵبدە بارودۆخەکە ئارام بکەیتەوە و شتەکان بە ئاراستەیەکی دیکەدا بەریت. بۆ نموونە، چەند هەڵبژاردە و ئەڵتەرنەتیڤێکی جیاواز بخەرە بەردەم خوێندکارەکە، ڕێگەی پێ بدە بچیتە دەرەوە، ئەگەریش گونجا سازش بکە لەگەڵیدا. هەندێک کات، بەکارهێنانی وێنە ڕوونکردنەوەییەکان دەکرێت بەسوود بێت، بۆ نموونە کارتێک کە وێنەی ژوورێکی ئارام و بێدەنگی لەسەرە یارمەتی دەدات لەوەی تێبگات تۆ دەتەوێت ئەو چی بکات و بۆ کوێ بڕوات. لێ ئەگەر بابەتەکە بواری سازشکردنی تێدا نەبوو، چەند جارێک داواکارییەکت دووبارە بکەرەوە، وە کاتی پێ بدە تا زانیارییە تازەکان بەتەواوی وەردەگرێت و لێیان تێدەگات. پاشان بە ئارامی و بە گوتنی چەند وشەیەک، دەرئەنجامەکانی بۆ ڕووندەکەیتەوە بە بێ هیچ جۆرە ناچار کردنێک، مەگەر پێویست بێت ( ئەمەش دەبێت زۆر بە سادەی ڕوونکرابێتەوە).
- بەهۆی تێنووسی پەیوەندی دایباب و مامۆستاوە، یاخود پلاندانەرانی خوێندنگە دەتوانن هاوکاربن لە جەختکردنەوە لەو خاڵانەی لای سەرەوە و دایکوباوکان ئاگادار بکەنەوە لێی.

## کۆمەڵێک ستراتیجی بۆ پاڵپشتیکردن

هەڵبژاردنی جۆرێکی گونجاوی پاڵپشتیکردن بۆ منداڵێکی تووشبوو بە پەشێوی شەبەنگی ئۆتیزم کارێکی گرنگە. لەم لیستەدا کۆمەڵێکی زۆر لە ڕێگاچارە و ستراتیجی هەمەجۆر دەخەینەڕوو کە دەشێت بەکاربهێندرێت بەپێی پێداویستییەکانی منداڵەکە.

## بەکارهێنانی وێنە ڕوونکردنەوەییەکان وەک پاڵپشتی

بۆ منداڵانی تووشبوو بە پەشێوی شەبەنگی ئۆتیزم، تێگەیشتن لە جیهانی دەوروبەریان بە هۆی وێنە ڕوونکردنەوەییەکانەوە گەلێک ئاسانترە. مامۆستایان دەتوانن خشتەی کاتەکان وەک وێنەیەکی ڕوونکردنەوەی بەکاربهێنن؛ تێیدا کات و وێنەیەکی سادەی چالاکییەکان بخەنەڕوو، بەم شێوەیە خوێندکارەکان بە تەواوی دەزانن کەی و لە کوێ و دەبێت چی بکەن. بۆ هەر پرۆسەیەکی لەم جۆرە، دەکرێت ئەم ڕێگەیە بگیرێتەبەر. بۆ نموونە، منداڵێک کە لە خوێندنگەی سەرەتاییدایە و بەردەوام شڵەژاو و نیگەرانە لەبارەی چۆنێتی خۆ ئامادەکردنییەوە بۆ وانە کردەییەکانی؛ دەکرێت بە زنجیرەیەک وێنەی ڕوونکردنەوەی هەموو هەنگاوەکانی پرۆسەکەی بۆ ڕوونبکرێتەوە و سوودێکی ئێجگار زۆری دەبێت بۆی. ئەم وێنە ڕوونکردنەوەییانەش، دەکرێت بە ڕووپۆشێکی پارێزەر داپۆشرێن بۆ ئەوەی دڵنیابین لەوەی پارێزراوە و نادڕێت و ناشێوێت، تا بتواندرێت لە شوێنێکی باش و گونجاودا پیشانبدرێت. زۆرێک لە خوێندنگەکان، پرۆگرامی سۆفتوێری کۆمپیوتەر بەکاردەهێنن بۆ دروستکردنی چیرۆک و ڕێنمای بە شێوەی نوسین و هێما و وێنە. پاڵپشتییە وێنەییەکانی دیکە وەک، لیستە نوسراوەکان و ڕۆژمێر و شتەکانی دیکە، کە دەتوانن هاریکاری منداڵەکان بکەن لە تێگەیشتن لە زنجیرە ڕووداو و چالاکییەکان و پێشبینیکردنی ئەوەی چی ڕوودەدات. بە هەمان شێوەش، پێویستە دایکوباوکان وێنەیەکی خشتەی کاتەکانن لەلای خۆیان بپارێزن، تا بتوانن یارمەتی منداڵەکانیان بدەن لە خۆ ئامادەکردندا بۆ بۆ ڕۆژانی خوێندنگە. سەبارەت بە منداڵەکانیدیکە کە پێگەیشتووترن، پێیان خۆشە هەموو وێنە ڕوونکردنەوەییەکان درووست و بێ خەوش بن، دانانی وێنەیەکی ڕوونکردنەوەی خشتەی کاتەکانیان لە نێو پلانی خوێندنگەکەدا کارێکی بەسوود دەبێت. بۆ نموونە، بۆ ئەو خوێندکارانەی ڕێکخستنی کات کارێکی سەختە، دەکرێت وێنەیەکی بیرهێنانەوەی چالاکی و کاتەکان بکرێت بە زنجیر و مەدالیایەکی بچووکەوە تا بتوانن لە نێو گیرفانیاندا هەڵیبگرن. جگە لەمەش،دەکرێت سوود لە کاتژمێر و کاتژمێری لمین وەربگیرێت.

## سیستمی گفتوگۆکردن و فێرکاری بە بەکارهێنان و گۆڕینەوەی وێنە

ئەم سیستمە ڕێگەیەکی باوی فێرکارییە بۆ ئەو منداڵانەی کە توانا زمانەوانییەکانیان سنووردارە. لەم سیستمەدا، مامۆستایان وێنە بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی ناوی شتە جیاوازەکان فێری منداڵەکە بکەن. وردە وردە، منداڵەکە فێردەبێت ئەو وێنەیەی کە پێیەتی بیگۆڕێتەوە بەو شتەی کە دەیەوێت، وە هەروەها بە بەکارهێنانی وێنەکان چەند

ڕستەیەکی سادە دروستبکات و ئەو شتەی دەیەوێت لە نێو چەندەها شتی جیاوازدا هەڵیببژێرێت.

### چیرۆکە کۆمەڵایەتییەکان

دەکرێت ئەو منداڵانەی پەشێوی شەبەنگی ئۆتیزمیان هەیە و توانای خوێندنەوەیان هەیە، لە ڕێگەی چیرۆکە کۆمەڵایەتییەکانەوە فێربکرێن چۆن لەگەڵ بارودۆخە جیاوازەکاندا هەڵبکەن، ئەم تەکنیکە سەرەتا لە لایەن "کارۆل گرەی"ەوە دانرا. چیرۆکەکان بۆ منداڵێک دەنوسرێت، وە تێیدا شتەکان بە شێوەیەکی گەلێ سادە و ساکار بە وشە و وێنە ڕوون کراونەتەوە، هەنگاو بە هەنگاو، دەکرێت چی ڕووبدات لە حاڵەتێکدا کە هەست بە شڵەژان دەکەن و چۆن دەبێت لەگەڵ ئەو بارودۆخانەدا هاڵبکەن کە پێیان وایە مامەڵەکردن لەگەڵیدا کارێکی سەختە. بۆ نموونە، دەشێت چیرۆکێکی کۆمەڵایەتی باس لەوە بکات منداڵێک پێویستە چی بکات کاتێک گەشتێک دەکات بە پاس، یاخود چی بکات کاتێک زەنگی ئاگاداری ئاگرکەوتنەوە لێدەدرێت.

### گفتوگۆی نێو گۆڤارەکان

ئەو گفتوگۆیانەی لە نێو گۆڤارەکاندا دەخرێنەڕوو یارمەتی منداڵانی تووشبوو بە پەشێوی شەبەنگی ئۆتیزم دەدەن کە بتوانن باشتر گەشە بە تێگەشتنەکانیان بۆ کۆمەڵگە بدەن. ئەمەش لە ڕێگەی خستنەرووی بەشە جیاوازەکانی پەیوەندی بەستن و هەڵسوکەوت کردن کە لە نێو گفتوگۆیەکی ئاسایدا بەدی دەکرێت بە بەکارهێنانی هێما و شێوە و ڕەنگەکان. بە بینینی ئەم بەشە جیاوازانەی گفتوگۆکردن، هەندێک لە شتە ئابستراکتەکانی نیو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ( بۆ نموونە، درک کردن بە هەستی کەسانی دیکە و پەییردن بە مەبەستی کەسانی دیکە) زیاتر دەخرێتە بەر چاو و پاشانیش تێگەیشن لێی کارێکی ئاسان دەبێت بۆ منداڵەکە.

### چارەسەر و پەروەردەی ئەو منداڵانەی پەشێوی شەبەنگی ئۆتیزمیان هەیە و کێشە و کەموکوڕییان هەیە لە بەستنی پەیوەندیدا

لە نێو خوێندنگە تایبەتەکاندا ئەم ڕێگەیە گەلێک باوە و بەکاردێت و دەشکرێت لە نێو خوێندنگە ئاساییەکانی دیکەدا بەکاربێت. ئەم ریگەیە تیشک دەخاتە سەر گۆڕینی

ژینگەکە و بەکارهێنانی وێنە ڕوونکردنەوەییەکان، وەک کلێشە و خشتەی کاتەکان، ئەمەش بۆ ئەوەی شتەکان ڕێکخرا و ڕوون بن، وە هەروەها کەمکردنەوەی فشار بە ڕوونکردنەوەی ئەوەی چی ڕوودەدات بە درێژای ڕۆژەکە و باشتر کردنی ئاستی تێگەیشتن. منداڵەکان بۆ هەر کار و چالاکییەک بەرچاوڕوونی و ڕێنمای تەواویان پێدەدرێت، بێگومان ئەمەش بە بەکارهێننی وێنە ڕوونکردنەوەییەکان.

## SPELL (ئێس، پی، ئی، ئێڵ، ئێڵ)

سیستمی ئێس، پی، ئی، ئێڵ، ئێڵ لە لایەن خوێندنگەی کۆمەڵەی نیشتیمانی ئۆتیزمەوە داهێندراوە. ئەم سیستمە بەکاردێت بۆ تێگەیشتن و چوون بە دەم پێداویستییەکانی ئەو منداڵ و پێگەشتووانەی کە پەشێوی شەبەنگی ئۆتیزمیان هەیە. بەهۆی ئەم سیستمەوە، پێداویستییە کەسی و تایبەتەکانی هەر منداڵێک دیاری دەکرێت و سیستمەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەموو پلانن و چارەسەرەکان بە پشت بەستن بەم دیاریکردنە دابندرێت. ئێس، پی، ئی، ئێڵ، ئێڵ کورتکراوەی درووستە و پلانەکان، ئەرێنیبوون، هاوسۆزی، کەمکردنەوەی پەشێوی و تەنگەژە دەروونییەکان، پەیوەندییە.

- درووستە و پلانەکان وادەکەن جیهان ببێتە شوێنێکی پارێزرا و پێشبینیکراو و بەردەستتر، هەروەها دەکرێت ببێتە یارمەتیدەری ئەوەی کەسێک خۆی ببێتە خاوەن بڕیاری خۆی و و ئازاد بێت.
- ڕێگاچارە و پێشبینییە ئەرێنییەکان بە هۆی بونیادنانی بەهێزی و خولیا و توانای سروشتییەوە، هەوڵدەدەن کە متمانە بوخۆبوون و بڕوا بە خۆبوون لە کەسەکەدا درووست بکەن و پتەوتری بکەن.
- هاوسۆزی خاڵێکی سەرەکییە بۆ پاڵپشتیکردن لە هەر ڕێگایەک کە داندراوە بۆ باشترکردنی پەیوەندی و کەمکردنەوەی فشار.
- ڕێگاچارە و ژینگەکە دەبێت پەشێوی و تەنگەژە دەروونییەکان کەمبکاتەوە؛ بە جۆرێک بێت کە ئارام و سەقامگیر بێت و دڵەڕاوکێ کەم بکاتەوە و ڕێگەخۆشکەر بێت بۆ بیرکردنەوە و تێڕامان.
- بوونی پەیوەندییەکی ئێجگار بەهێز لە نێوان خاڵە هاوبەشەکانی ژیانی کەسەکەدا، یاخود بوونی پڕۆگرامێک بۆ ئەوەی کەسەکە زیاتر هەست بە ئارامی وخۆشبەختی بکات، دەبێتە هۆی باشترکردنی بارودۆخی کەسەکە و درێژەدان بە بەردەوامییەکی بنەڕەتی.

### ژینگەیەکی خاڵی لە بێزارکاری و خەیاڵپەرتی

ئەو منداڵانەی پەشێوی شەبەنگی ئۆتیزمیان هەیە دەکرێت سوود لەوە ببینن کە لە ژینگەیەکدا کارەکانیان ڕابپەڕێنن کە خاڵییە لە بێزارکاری و خەیاڵپەرتی. ئەم کارەش بۆ مامۆستایانی خوێندنگە سەرەتاییەکان دەکرێت کارێکی شیاو بێت، بۆ نموونە، دەتوانن بەشێکی پۆلەکەیان تەرخان بکەن بۆ خوێندکارەکە، شوێنێک بێت کە هیچ شتێک خوێندکارەکە بێزار و سەرقاڵ نەکات لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکەکانیدا و بتوانن وێنەی خشتەی کاتەکانیان بە ئاسانی ببینن. هەروەها لە خوێندنگە ناوەندییەکاندا، مامۆستای وانەکە دەتوانێت باشترین جێگە و کورسی پۆلەکە بداتە ئەو خوێندکارەی پەشێوی شەبەنگی ئۆتیزمی هەیە. وە لە نێو خوێندنگە گەورەکاندا، بوونی جێگەیەکی بێدەنگ و خامۆش تایبەت بەو خوێندکارانەی لە ڕووی پەروەردەییەوا پێداویستی زیاتریان هەیە، گەلێک بەسوود دەبێت.

### کارامەی و شارەزاییە کمەڵایەتییەکان

هەندێک لە منداڵانی ئۆتیزم کاردانەوەیەکی ئەرێنی و باشیان هەیە بۆ ئەو چالاکییانەی لە دراما و ڕۆڵگێڕاندا هەیە، دەبێتە یارمەتیدەریان تا لە لە هەندێک چالاکی و کاری کۆمەڵایەتیدا شارەزابن، بۆ نموونە لە پێشوازیکردندا، یان گفتوگۆکردن بە نۆرە و سەیرکردنی ئاماژەکان تا دەست بە کارێک بکەن لە نێو گروپێکدا. هەروەها "بازنەی هاوڕێیەتی" و "سیستمی هاوڕێ" یارمەتی منداڵێکی ئۆتیزم دەدەن تا تێبگات لە شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتی نێو پۆل و گۆڕەپانی یاریکردن. (سەیری ڕوونکردنەوەکانی خوارەوە بکە)

### بازنەی هاوڕێیەتی

بازنەی هاوڕێیەتی لە نێو گروپێکی ڕێکخراودا هانی دروستبوونی هێڵێکی پشتگیریکردن دەدات بۆ منداڵێک، وە دەشکرێت ئەم پاڵپشتییە دواتر گەشە بکات و لەو گرووپە ڕێکخراوەش تێبپەڕێت. شەش بۆ هەشت منداڵی چوست و چالاک و تێگەیشتوو، پێکەوە بە شێوەیەکی خۆبەخشانە لە گرووپی بازنەی هاوڕێیەتیدا کۆدەکرێنەوە. لەم گرووپەدا، بە شێوەیەکی ئاسای کۆبوونەوە دەکەن و بەهۆی ئەمەشەوە دەتوانن یارمەتی منداڵەکە بدەن هەستەکانی خۆی دەربرێت و گوزارشتیان لێ بکات و ئاستی نیگەرانییەکانی کەم بکاتەوە. دەشێت ئەم شێوازە ببێتە هۆی دروستبوونی تێکەڵاوییەکی

سەرکەوتوو و بوونی پەیوەندییەکی باشتر لەگەڵ هاوتەمەنەکانیدا. ئەم بازنەی هاوڕێیەتییە بۆئەوە نییە کە منداڵەکە بتوانێت دەستبەجێ و زوو پەیوەندی هاوڕێیەتی دروستبکات، بەڵام دەشێت بە پێی تێپەڕبوونی کات منداڵەکە بتوانێت پەیوەندییەکی باشتر و نزیکتر ببەستێت لەگەڵ منداڵەکانی دیکەدا.

گرووپەکە ڕاهێنانیان پێ دەکرێت و هۆشدارییان پێ دەدرێت بۆ ئەوەی بزانن چۆن مامەڵە لەگەڵ منداڵەکەدا دەکەن و چۆن بتوانن وابکەن منداڵەکە زیاتر هەست بەوە بکات کە ئەویش بەشێکە لەوان. وە شێواز و جۆری پاڵپشتییەکا دەکەوێتەوە سەر پێداویستییەکانی خوێندکارەکە؛ بۆ نموونە یارمەتیدانی منداڵەکە بۆ ئەوەی ئامادەی نانخواردنی نیوەڕۆ بێت و یاری بکات لەگەڵ خوێندکارەکانی دیکەدا، یان گەیاندنی خوێندکارەکە بۆماڵەوە تا بیپارێزیت لە قسە و ڕەفتاری نەشیاوی کەسانی دیکە بەرامبەری، وەبیرهێنانەی ئەرکەکانی ماڵەوەی یان لە کاتی خۆیدا یاوەری بکەیت و بیبەیت بۆ پۆلەکەی. بە شێوەیەکی گشتی گروپەکە چەند هەفتە جارێک لە کاتی نانی نیوەڕۆدا کۆدەبنەوە بۆ ئەوەی پێداچوونەوە بۆ شێوازی پاڵپشتییەکان و بەرەوپێشچوونەکان بکەن، بێگومان ئەمەش لە ژێر چاودێری ورد و پاڵپشتی ستافەکەدا. (Barratt, P. et al, 1998, British Journal of Special Education vol.25 no.2)

## سیستمی هاوڕێ

دۆزینەوەی هاوڕێیەکی هاوتەمەن یان گەورەتر بۆ ئەو منداڵانەی پەشێوی شەبەنگی ئۆتیزمیان هەیە، دەکرێت یارمەتیدەربێت لەوەی ئاستی متمانە بوخۆبوونیان زیاتر بکات. بەم شێوەیە کەسێکیان دەبێت کە هانای بۆ بەرن لەو کاتانەی کە نازانن چی دەگوزەرێت لە چواردەوریان، یان کاتێک لە نوکتەیەک تێناگەن، یاخود کاتێک کێشەیان دەبێت لەگەڵ منداڵێکی دیکەدا.

## ڕێنومایکردن و ئامۆژگاریکردن

دەشێت منداڵە گەورەترەکان گەلێک سوودمەندبن لەوەی ئامۆژگاریکارێکی لە خۆیان گەورەتریان هەبێت و دەکرێت ئەویش هەر خوێندکار بێت، یان مامۆستایەک بێت، یانێش ئەندامێکی ستافی پاڵپشتی نێو خوێندنگەکە بێت. کۆبوونەوە ئاساییەکانی

ڕێنومایکردن و ئامۆژگاریکردن ئەگەرەکانی چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کێشانە دەخاتەڕوو کە لە هەفتەی پێشوودا ڕوویداوە، یاخود دادەنیشن و باس لە هەفتەی داهاتوو دەکەن و پلان دادەنێن چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو شتانەدا بکەن کە دەبێتە هۆی دڵەڕاوکێ. دەبێت هاوڕێ و ئامۆژگاریکارەکان هۆشدارییەکی باشیان هەبێت لەسەر پەشێوی شەبەنگی ئۆتیزم و چۆن کاریگەرییان دەبێت لەسەر کەسێکی تووشبوو.

## ڕەفتار و هەڵسوکەوت

هەمیشە ئاسان نییە بزانین چۆن مامەڵە لەگەڵ ڕەفتار و هەڵسوکەوتی هەندێک لە منداڵە ئۆتیزمەکاندا بکەین. دەشێت هەمیشە نەتوانین دەستبەجێ بزانین منداڵەکە بۆ بەو شێوەیە ڕەفتار دەکات، وە دەکرێت کۆنتڕۆڵکردنی بارودۆخەکە سەخت و دژوار بێت بە تایبەت کاتێک نازانین چی دەگوزەرێت و چی بووەتە هۆکار و نازانین چی جۆرە ستراتیجییەکی لەگەڵدا بەکاربهێنین. لەگەڵ بوونی ڕێژەیەکی سنوورداری گفتوگۆکردن و پەیوەندیکردن، دەشێت منداڵانی ئۆتیزم نەتوانن گوزارشت لە هەستەکانی دڵڕاوکێ و نارەحەتی و هیلاکییەکانیان بکەن، مەگەر بە هەڵسوکەوت و ڕەفتارێکی هەڵەشانە و لەپڕ و نەخوازراو نەبێت، ئەم شێوازە هەڵسوکەوتانەش دەشێت کاتێک فێرییووبێتن کە ئەنجامدانی بووتە هۆی بەدەسیتهێنانی ئەو شتەی دەیخوازن. منداڵانی تووشبوو بە کۆنیشانەی ئەسپەرگەر کە گفتووگۆ و پەیوەندییە زارەکییەکانیان ئێجگار خراپ نییە، بەڵام هێشتاش دەشێت کە نەتوانن بە ڕاشکاوی باس لە دڵەڕاوکێکانیان بکەن وکاردانەوەکانیان وا لێکدانەوەی بۆ بکرێت کە لەڕادەبەدەر و ناپێویستە. کەواتە، ستافەکە دەبێت شیکردنەوە بۆ ئەو شتانە بکەن کە پێش ڕەفتارە هەڵەشەکانی منداڵەکە هەبووە و بووەتە هۆی وەرسکردن و تووڕەکردنی منداڵەکە؛ وە پێویستە هەندێک ڕێگای دیکەی فێربکەن بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی جیاوازتر ئەو شتەی دەیەوێت داوای بکات یان باس لە کێشەکە بکات.

## کارتەکانی چاودێریکردن/ تەواوبوونی کات/ ڕێگاکانی چوونە دەرەوە

دەشێت کارێکی بەسوود بێت ئەگەر هەندێک لە خوێندکارەکان کارتێکی ڕەنگاوڕەنگیان پێبێت و بەکاریبهێنن بۆ ئەوەی مامۆستاکەیان یاخود یاریدەدەری مامۆستاکەیان تێبگەیەنن کە دڵەڕاوکێی لە ڕادەبەدەریان هەیە، بێگومان ئەم ڕێگەیەش باشترە لەوەی هەوڵبدەن لە ناوەڕاستی وانەکەدا و بە بەر چاو خوێندکارەکانی دیکەوە باس لە دڵەڕاوکێکەیان بکەن و وانەکە ببڕن. زۆر بە سادەی، کارتەکە ئاماژە دەبێت بۆ ئەوەی

که پێویستیان به چاودێری زیاتر هەیە لە نێو پۆلەکەدا، یان داوای بەکارهێنانی ستراتیجی چوونە دەرەوە دەکەن لە نێو پۆل و ئەم ستراتیجییەش پێشتر لە لایەن ستافی خوێندنگەوە ڕەزامەندی لەسەر دراوە، یانیش دەشێت کارتەکە ئەماژە بێت بۆ گوتنی شتێکی لەم جۆرە: "بەپەلە"، "تکایە ئاگاداربە، هەندێک کات پاوڵ دووچاری سەختی دەبێتەوە لە چۆنێتی مامەڵەکردن و هەڵکردن لەگەڵ بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکاندا." ئەگەر هاتوو ئەم کارتەی خستە سەر مێزەکە، ئەوا گەلێک هەست بە فشار دەکات و پێویستە بچێتە بەشی پاڵپشتی فێرکاری.

## خۆپاراستن لە قسە و ڕەفتاری نەشیاو و ناشرینی کەسانی دیکە

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، لەبەر ئەوەی پەشێوی شەبەنگی ئۆتیزم کار لە توانانی تێگەیشتنی کەسەکە دەکات بۆ ڕەفتار و هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییەکان؛ دەکرێت منداڵانی ئۆتیزم گەلێ هەستیار و لاوازبن بەرامبەر بە قسە و ڕەفتاری نەشیاوی کەسەکانی دیکە، یان زۆر بە سادەی هەندێک کات دەشێت قسە و ڕەفتاری نەشیاو و ناشرین بەکاربهێنن تا کاردانەوەی کەسەکانی دیکەیان پێ بگات.

## هەڵکردن لەگەڵ ماوەکان و پشووکان

ماوەی گۆڕینی وانەکان و پشوو و کاتی نانی نیوەڕۆ بۆ هەندێک لەو منداڵانەی پەشێوی شەبەنگی ئۆتیزمیان هەیە دەشێت کارێکی سەخت و دژوار بێت، چون ئەوان لەگەڵ شتە پێشبینینەکراوەکان و لە نێو قەرەباڵخی و ژاوەژاو و هەراوهوریادا دەشڵەژێن. کارێکی بەسوود دەبێت کە ستراتیجییەک بەکاربهێندرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم جۆرە کێشانە. دەشێت واباشتر بێت خوێندکارەکە کەمێک زووتر لەوانی دیکە ڕێگەی پێ بدرێت پۆلەکە بەجێبهێڵێت؛ بەم شێوەیەش دەتوانێت بچێتە نێو پۆلە نوێیەکەی بێ ئەوەی ناچاربن لە نێو ژاوەژاو و قەرەبەڵخیدا پۆلەکانیان بگۆڕن. یاخود ئەڵتەرنەتیڤێکی دیکە، بوونی هاوڕێیەک یان ئامۆژگاریکارێک لەگەڵ خوێندکارەکەدا دەشێت یارمەتیدەربێت لەم کاتانەدا. هەروەها دەشێت کاتی پشوو و نانخواردنی نیوەڕۆ بە بێ شڵەژان و وەک کاتێکی ئاسای تێبپەڕێت ئەگەر هاوڕێ و بازنەی هاوڕێیان هاوکاری خوێندکارەکە بکەن، یاخود ئەگەر جێگەیەکی بێدەنگ و هێمن هەبێت کە لە کاتی پێویستیدا خوێندکارەکە ڕووی تێ بکات. (تەمەشای خوارەوە بکە)

**پەناگەیەکی پارێزراو و ئارام**

هەبوونی جێگەیەک وەک پەنایەک بۆ منداڵانی ئۆتیزم گەلێک بەسوودە، جێگەیەک کە بتوانن بۆی بڕۆن لە کاتی بوونی دڵەڕاوکێیەکی ئێجگار زۆردا کە چیدیکە ناتوانن ئەو دڵەڕاوکێیە لە نێو چالاکییەکانی پۆل و پشوو و کاتی نانخواردنی نیوەڕۆدا کۆنترۆڵ بکەن، بە تایبەتیش کاتێک هاوڕێکەیان، ئامۆژگاریکارەکەیان، بازنەی هاوڕێیانیان لەبەر چەند هۆکارێک لەلا نییە. لە خوێندنگە ناوەندییەکاندا، بۆ نموونە، ئەم پەناگەیە دەشێت بەشی پاڵپشتی فێرکاری بێت یان ژوورێک کە بە تایبەت دیزاینکراوە و لەلایەن توێژەرێکەوە چاودێری دەکرێت. وە لە نێو خوێندنگە ئامادەییەکاندا، بە پێی بارودۆخەکە، دەشێت گونجاو بێت کە خوێندکارەکە بڕواتە کتێبخانە یاخود شوێنە ئارامترەکانی دیکە، بێگومان بە ئاگای پاڵپشتی فێرکاری و تیمەگلانیان لە ئەرک و کارە بەپەلەکاندا.

**تیمی فریاگوزاری/هاوکاری ئۆتیزم**

کارێکی شایستە دەبێت ئەگەر کات تەرخان بکەیت بۆ دامەزراندنی تیمێک لە مامۆستایەنی خوێندنگەکەت بۆ چاودێری و تاوتوێکردن و دۆزینەوەی ستراتیجییەک بۆ چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو منداڵانەی دژواری فێربوونیان هەیە.

تێبینی/ ئەگەر تۆ مامۆستایت و سوودمەند بووی لە خوێندنەوەی ئەم بابەتە، یاخود زانیاری و تێبینی زیاترت هەیە؛ تکایە لە ڕێگەی ئەم وێبسایتەوە پەیوەندیمان پێوە بکە:

www.hopeautismsociety.com